
## هونەرمەند ئاشتی عەلی:
## لەئەوروپاش کوردەکان ناچن بۆ شانۆ، ئەو دەڵێت ئەمە شانۆی پارتییە من ناچم، یان ئەوە شانۆی یەکێتییە ناچم

دیمانە: ستیڤان شەمزینانی
Shamzini 79@hotmail.com



هونەرمەند ئاشتی عەلی یەکێکە لە هونەرمەندە دێرینەکانی شانۆی کوردیی و ماوەی بیست و یەك ساڵە لەدەرەوەی وڵات دەژی، لەگفتوگۆیەکی کورتدا لەسەر سەرەتاکانی کاری شانۆیی خۆی و شانۆی قۆناغی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوو هێنامانە دواندن، هەروەها لەبارەی شانۆی کوردیی لەدەرەوەی وڵات و کێشە و گیروگرفتەکانی بەردەمی.

**ستیڤان:** ماوەیەکی دوور و درێژە لە تەختەی شانۆ دوورکەوتوویتەوە، بۆئەوەی خوێنەر و توێژی گەنجان وەك هونەرمەندێکی دێرین بتناسن، سەرەتا پرسیارت لێدەکەم سەرەتاکانی بەشداربوونت لەکاری هونەریی بۆ کەی دەگەڕێتەوە و ئەو کارانەی تیایاندا بەشداربوویت چین؟

**ئاشتی عەلی:** یەکەم شانۆگەریی کە بەشداریم تیاکرد لەگەڵ (زاهیر عەلی) برامدا بوو لەناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان، دوای ئەوەش لەگەڵ (ماهیر عەلی) برام بەشداریم کرد لەدرامایەکی تەلەفزیۆنی بەناوی (نەسرین) لەساڵی 1978، پاش ئەوەشی بوومە هاوسەری (حەمە ڕەشید هەرەس) لەگەڵ ئەودا دەستمکرد بەکارو یارمەتیم دەدا لەزۆربەی کارەکاندا، یەکێك لەو شانۆییانەی ئەوکات نمایشمان کرد (سەلەی نانکەر) بوو، هەروەها لە (میراتی) و چەند شانۆو درامایەکی تردا بەشداریم

کرد.

لەساڵی 1986 دا کوردستانمان بەجێهێشت و چووینە دەرەوە ئەوەبوو بۆ ماوەیەك بچڕاین. دوایی لەیۆنان لەگەڵ حەمە رەشید و منداڵەکاندا شانۆگەرییەکمان بۆ هەڵەبجە کرد کەزۆر سەرکەوتووبوو تەنانەت یۆنانییەکانیش زۆر بەدڵیان بوو، لەساڵی 1990 کاتێك گەیشتینە کەنەدا شانۆگەرییەکی ترمان کرد ئەویش هەر لەسەر هەڵەبجە بوو، جگە لەشانۆش لەهەموو بۆنەکاندا چالاکیمان دەکرد هەر لەخۆپیشاندانەوە تا کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی دەربارەی کورد.

بەلاّم وردە وردە بەهۆی ژیانی هەندەران و سێ کچیشم هەبوو و کاریشم دەکرد تۆزێك لەشانۆ دوور کەوتمەوە، بەلاّم هەمیشە هەر یارمەتی حەمەرەشیدم داوە ئەگەر شتێکی پێویست بوایە، دواییش منداڵەکان (شایی، شێنێ) هەردووکیان حەزیان لەشانۆ بوو منیش زۆر یارمەتیم دەدان کە بێنە ناو شانۆوە، کچە گەورەکەشم یەکەمی هێنا لە هەڵبژاردنی باشترین ئەکتەری شانۆ لەولاّتی کەنەدا. بەلاّم خۆم بەهۆی ئیش و کارو منداڵ بەخێوکردن و سەرقاڵییەوە کاتم زۆر نەماوەتەوە بۆ بواری شانۆو تاڕادەیەك بچڕاوم لەشانۆ.

ستیڤان:ئەو کاتانەی تۆ ڕووت لەشانۆ کرد، ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لەشانۆدا کاریان دەکرد لە پەنجەکانی دەست تێپەڕیان نەدەکرد، لەکۆمەڵگەیەکی داخراوی وەك ئەوساشدا چوونی ژن بۆ نێو شانۆ بێ گرێ و کۆسپ نەبوو، پرسیار دەکەم ئایا دەتوانیت باس لەکێشەو کۆسپەکانی بەردەمی ژنان و خۆت لەو سەردەمانەدا بکەیت کە وەك هونەرمەندێك بەرەو ڕووتان دەبووەوە؟

ئاشتی عەلی: لەو سەردەمەدا ئاسان نەبوو کە شانۆمان دەکرد، هەتا ئەوانەی کە نزیك بوون لەخۆمانەوە وەك خزم ئەوشتانە هەیانبوو قسەیان لەگەڵ نەدەکردین و دەیانووت تازە تەواو ئەم کچە لەدەست دەرچوو، هەر بەزمانی شەعبی خۆمان دەیانووت ئەمە بەحەیاتی شوو ناکات.

لەو کاتەدا شانۆ بۆ ژن ناخۆش بوو تەنانەت توانجیان لێدەداین، تەنانەت خۆم کە لە پەروەردە فەرمانبەر بووم چووم مۆڵەت وەربگرم بۆ بەشداریی لەشانۆگەرییەك، بەرێوەبەرەکەم وتی تۆ سومعەی خۆت بەوە دەشکێنیت و زۆر قسەی تری کرد. بەلاّم من وتم ئەو کارەی من دەیکەم زۆر پیرۆزترە لە هەموو باوەڕەکانی تۆ، چونکە بەلامانەوە شانۆ شتێکی زۆر پیرۆز بوو، بەڕاستیش ئەو پیرۆزییەمان دەپاراست.

لەوکاتەدا کە ئێمە لەشانۆدا کارمان دەکرد شەڕمان دەکرد لەگەڵ خۆمان لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە لەدەوروبەرمان بوون، بۆیە لەیەك کاتدا هەم دەترساین و هەم کۆڵمان نەدەدا چونکە زۆرجار دەمانووت لەوانەیە راست بکەن کە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی وەك ئافرەتێك نەتوانیت ژیانی هاوسەریی دروست بکەیت. بەلاّم بەپێچەوانەوە ئێمە توانیمان هەم ژیان دروست بکەین و هەم بەرێزەوە سەیرمان بکەن لەدواتر دا کە زانیان شانۆ ئەوە نییە کە ئەوان بیریان لێکردبووەوە.

ستیڤان: دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو شانۆی کوردیی بەرەو هەڵکشان رۆیشت، ئەو رۆژانە شانۆ جەماوەرێکی زۆری هەبوو و هۆڵەکان جمەیان دەهات لەئاپۆرەی بینەران بەرادەیەك نمایشی یەك شانۆیی چەند هەفتەیەکی دەخەیاند و نەوەیەك دروست ببوو سوێندی بەپیرۆزیی شانۆ دەخوارد. بەلاّم ئێستا هۆڵەکانی شانۆ خاڵی و چۆڵن و بینەرانی شانۆ نەماون یان تۆراون، تۆ هۆکاری ئەم تۆرانە لە بینینی شانۆ بۆچی دەگێڕیتەوە؟

ئاشتی عەلی: ڕەنگە من نەزانم چونکە ماوەی 21 ساڵە دوور کەوتوومەتەوە و ئەوە یەکەمجاریشە دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان، بەلاّم لەوانەیە زۆر هۆ هەبێت ئەوکاتە خەڵکەکە زیاتر حەزیان لە بینینی شانۆ دەکرد چونکە هەمووی لەخزمەتی جەماوەردا بوو، ئەو کاتە شانۆ چاوی خەڵکی دەکردەوە خەڵك دەچوو بۆ شانۆ بۆئەوەی وانەیەك فێر بێت، کە لەهۆڵی شانۆکان دەهاتنە دەرەوە زۆر شت فێر بوو بوون، شانۆگەریی ئەوکات زۆر کاریگەریی دەکردە سەر جەماوەر، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە چەوساندنەوەیەکی زۆریش هەبوو لەلایەن رژێمەوە، بۆیە خەڵك دەیویست بێتە هۆڵەکانی شانۆوە تا گوێی لە

هەندێك شت بێت تا دڵی پێی بكرێتەوە، ئیتر من وا دەزانم ئەوەیە.

واتێدەگەم ئێستا بەپێچەوانەوە خەڵك سەرقاڵی شتی دیكەیە وەك ڕاكردن بەدوای ژیاندا، یان ڕاكردن بەدوای ئەوەی خواردنێك پەیدابكات، یان گەنجێكە سەرقاڵی شتێكی دیكەیە و نایەوێ مێشكی بەبیری گرنگ پڕبكات.

من شانۆگەرییەكانی ئێستام نەدیووە، بەڵام ئەگەر وابێت خەڵك وەك دەرسێك بچێت بیانبینێت و شتی لێوە فێربێت چاكە نەك تەنیا بۆ ئەوەی خەڵك بهێنێتە پێكەنین یان گریان.

**ستیڤان:** ڕەوتی شانۆی كوردیی لەدەرەوەی وڵات چۆن دەبینیت، ئایا شتێك هەیە بەناوی شانۆی كوردیی لەتاراوگە كە شایەنی باس بێت بەتایبەتی لەوڵاتی كەنەدا؟

**ئاشتی عەلی:** لەكەنەدا لەبەرئەوەی كوردی كەم لێیە شانۆ كزە، لەوێ هەموو شتێك دەكەوێتە سەرشانی خۆت، بۆ نموونە دەچیت هۆڵێك دەگریت هەموو مەسرەفێكی دەكەوێتە سەرخۆت، لەبەرئەوەی لەوێ كورد كەمەو كەمیش خەڵك دێت بۆ شانۆ بۆیە ئەو ماندووبوونەی تۆ بەفیڕۆ دەڕوات، بەڵام وەك ئەوروپا باشترە لەبەرئەوەی كوردێكی زۆری لێیە شانۆگەریی باشیشی تیا دەكرێت و خەڵك دەچێت. بەڵام بەداخەوە لەوێش خەڵك وایلێهاتووە كە زۆر ناچێت بۆ شانۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ حیزبایەتی.

ئەو دەڵێت ئەمە شانۆی پارتییە من ناچم یان ئەوە شانۆی یەكێتییە ناچم، ئەگەر یەكێكیش سەر بەهیچ حیزبێك نەبێت كەس ناچێت بۆ شانۆكەی, چونكە هەر كەسەو دەچێت بۆ كاری حیزبەكەی خۆی.

بەڵام بەڕای من دەبێت شانۆ لەخزمەتی میللەتدا بێت و پەیوەندیی  بە حیزبایەتییەوە نەبێت چونكە ئەگەر شانۆ چووە خزمەتی هەر حیزبێكەوە شانۆی پێناوترێ.

**ستیڤان:** واباس دەكرێت شانۆی كوردیی لەقەیراندایە، بەڵام هونەرمەندانێكی زۆر وابیر دەكەنەوە نەك هەر لەكوردستاندا بەڵكو لەهەموو دنیادا شانۆ بەرەو لاوازیی دەڕوات و سینەما لەهەموو لایەنێكەوە ڕۆڵی شانۆی پەڕاوێز خستووە، ئایا تا چەند ئەو تیۆرە ڕاستیی پێكاوە كە پێیوایە شانۆیی بیانیش وەك شانۆی كوردیی بەرەو سست بوون و خاویی دەڕوات؟

**ئاشتی عەلی:** نەخێر ئێستاش شانۆ شوێن و ڕۆڵی خۆی هەیە، ڕاستە بەهۆی فیلمەوە تۆزێك نەك زۆر ڕۆڵی كەمبووەتەوە بەڵام شانۆش جەماوەری خۆی هەیە، بۆ نموونە شانۆكاری كەنەدیی كە شانۆ دەكەن ئەوپەڕی ڕێزیان هەیە و جەماوەرێكی زۆریان هەیە، لەوێ بەردەوام خەڵك دێن بۆ سەیری شانۆ كە لەوێ خەڵك زۆر سەرقاڵترە وەك لێرە، بەڵام كاتێك دەچیت هەر تەسەور ناكەیت كە ئەو هەموو خەڵكە هاتوون بۆ سەیری شانۆ، لەكەنەدا ئێستاش شانۆ زۆرترین جەماوەری هەیە لەكاتێكدا ئەوان زۆر پێشكەوتووشن لەبواری فیلم و سینەمادا.

**ستیڤان:** تا چەند وەزارەتی ڕۆشنبیریی و دامەزراوە هونەرییەكان بەكەمتەرخەم دەزانیت لە یارمەتی نەدانی هونەرمەندان و ئامادەنەكردنی هۆڵ و نمایشگا لەشاروشارۆچكەكاندا؟

**ئاشتی عەلی:** ئەوە شتێكی ڕاستە، دەبێت وەك وەزارەتی ڕۆشنبیریی كارێكی وا بكەن كە ئیمكانیەت بدرێت بەشانۆكاران كە بتوانن شانۆ بەرەو پێشەوە بەرن، چونكە شانۆ شتێكە لە هەموو بوارێكەوە چاوی خەڵك دەكاتەوە تا ڕۆشنبیر بن. بۆ نموونە ئێستا ئەو هەموو خەڵك بەبێ ئیش لەسەر ئەو شەقامانە وەستاون، ئەگەر هۆڵی شانۆ هەبێت لەو شەقامە ناوەستن و دێن بۆ شانۆ و دەتوانن خۆیان ڕۆشنبیر بكەن.

**ستیڤان:** ئایا لەپرۆژەتدا نییە بەم نزیكانە بگەڕێیتەوە بۆ شانۆ چ بەنواندن بێت یان دەرهێنان؟

**ئاشتی عەلی:** بەگوێرەی توانا، چونكە زۆر حەز دەكەم بگەڕێمەوە بەڵام لەبەر كارەكانم تا ئێستا ئەو كاتەم بۆ دروست نەبووە بگەڕێمەوە بۆ شانۆ، بەڵام هەوڵدەدەم لە داهاتوودا بگەڕێمەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ.

